چیرۆکی وەرگەڕاو



ئۆرهان پاموک

١-٣




لە تورکییەوە: بەکر شوانی

ئەگەر شتێک نەبێت بۆ سەیرکردن و بەسەرهاتێک نەبێت بۆ گوێ لێ راگرتن، زۆربەی کات ژیان شتێکی وەرەسکەرە. لە سەردەمی منداڵیی مندا لە بەرامبەر ئەم وەرەسبوونە، یان گوێ لە رادیۆ دەگیرا، یاخۆ لە پەنجەرەوە سەیری کۆلان و شەقام، هاتوچۆکەران و ناوەوەی خانووەکانی ئەپارتمانی بەرامبەر دەکرا. ئەو سەردەمە، ساڵی ١٩٥٨، هێشتا لە تورکیا تەلەڤزیۆن نەبوو. بەڵام نەدەگوترا "نییە"، بگرە کتومت وەک فیلمە ئەفسانەییەکانی هۆلیوود کە دوای چوار پێنج ساڵ ئەوسا لە سینەماکانی ئەستەنبوڵ پێشان دەدران، بە گەشبینییەوە دەگوترا "هێشتا نەهاتووە."

سەیرکردن لە پەنجەرەوە خوویەکی هێندە تەمەڵانە بوو، کاتێک تەلەڤزیۆن گەیشتە تورکیا، وەک ئەوەی لە پەنجەرەوە سەیری دەرەوە بکرێت، تەماشای دەکرا. باوکم، مامم و داپیرەم بە هەمان شێوەی سەیرکردن لە پەنجەرەوە تەماشای تەلەڤزیۆنیان دەکرد و بێ ئەوەی سەیری رووی یەکتر بکەن، قسەیان دەکرد و لێیان دەبوو بە شەڕ. کتومت جۆری سەیرکردنیان لە پەنجەرەوە، ئەوەی لە تەلەڤزیۆندا دەیاندی، بۆ یەکتریان دەگێڕایەوە.

بۆ نموومە، پوورم لە بەیانیی زووەوە لە پەنجەرەوە سەیری بارینی بەفر و کەڵەکەبوونی دەکرد و دەیگوت: "کار وا بڕوات، ئەم بەفرە زەوی دەگرێت."

منیش لە پەنجەرەکەی ترەوە سەیری شەقامی ترامم دەکرد و دەمگوت: "دیسان ئەو حەلوا فرۆشە هاتەوە بۆ گۆشەی نیشانتاشی!"

رۆژانی یەکشەمە، مام و پوورەکانمان و خۆمان لە خانووی نهۆمی خوارەوە دەچووینە نهۆمی سەرێ بۆ کن داپیرەم و بەردەوام پێکەوە نانی نیوەڕۆمان دەخوارد. ئەگەر لە پەنجەرەوە بۆ دەرێم دەڕوانی و چاوەڕێی دانانی خواردنم لەسەر خوان دەکرد، لەوێ لەگەڵ دایکم و لە ناو ئاپۆرەی مامۆژن و مامەکانمدا هێندە یەکجار کامەران و دڵخۆش دەبووم، بەجۆرێک لە هۆڵی گەورەی پشتمەوە و لەسەر خوانی درێژ کە لەو ساتەدا ئامادە دەکرا، تیشکی کزی ئاوێزە گڵۆپی کریستاڵ دەهاتە پێش چاوم. هۆڵی داپیرەشم وەک سەرجەم نهۆمەکانی تر نیوە تاریک بوو، بەڵام من پێم وابوو زۆر لە نهۆمەکانی تر تاریکترە. لەوانەیە بەهۆی ئەو پەردانەوە بووبێت کە بە سێبەری تۆقێنەرەوە بە دەرگەی هەرگیز نەکراوەی باڵکۆندا شۆڕ بووبوونەوە. لەوانەیشە بۆیە بەلای منەوە تاریک بووبێت، چونکە ژوورە بێ هەواکانی تژە لە بابڕ و پەروانەی بە گەوهەر داپۆشراو، سندووقی کۆن، مێزی زەبەلاح، مێزی بچووک، پیانۆیەکی کلکدار و وێنەی چوارچێودار لەسەر و شتومەکی تری ئەو ماڵە

بەردەوام بۆنی تۆزیان لێ دەهات.

پاش خواردنی نانی نیوەڕۆ، مامم لە یەکێک لەو ژوورە تاریکانەی سەر هۆڵی نان خواردن جگەرەی دەکێشا. گوتی: "بلێتێکم هەیە بۆ سەیری یاری، بەڵام ناچم. با باوکتان ئێوە ببات."

کاکی پێگەیشتووم لە ژوورەوە گوتی: "بابە بمانبە بۆ سەیری یاری."

دایکیشم لە هۆڵی نان خواردنەوە گوتی: "منداڵەکان سەرمایان دەبێت."

باوکم بە دایکمی گوت: "تۆ منداڵەکان ببە دەرێ."

دایکم گوتی: "من دەچم بۆ لای دایکم."

کاکم گوتی: "نامانەوێت بچین بۆ لای دایکی دایکم."

مامم گوتی: "ئۆتۆمبیلەکەشتان دەدەمێ."

کاکم گوتی: "تکات لێ دەکەم بابە!"

بێدەنگییەکی درێژ و سەیر هاتە ئاراوە. دەتگوت هەموو دانیشتووانی هۆڵی نان خواردن بیر لە شتێک دەکەنەوە سەبارەت بە باوکم و باوکیشم هەستی بە بیرکردنەوەکان کردبوو.

پاشان باوکم بە مامی گوت: "ئۆتۆمبیلەکەم دەدەیێ؟"

زۆر دواتر دایکم لە نهۆمی خۆمان گۆرەویی خووریی ئەستوور و هێڵداری لە پێمان کرد و یەکی دوو بلووزیشی کردە بەرمان. باوکیشم لە ڕێڕەوی درێژی ماڵەوە بەدەم ئەمسەر ئەوسەرکردنەوە جگەرەی دەکێشا. مامم ئۆتۆمبیلی دۆجی مۆدیل ٥٢ و ڕەنگ سەوزی تێری لە بەردەم مزگەوتی تەشویقییە ڕاگرتبوو. باوکم مۆڵەتی دا هەردووکمان لە پێشەوە سوار بین و لەگەڵ یەکەم سلف لێداندا بزوێنەری ئۆتۆمبیل کەوتە گەڕ.

کەس لە پێش یاریگە ریزی نەبەستبوو. باوکم بە یارۆی بەر دەرگەی گوت: "ئەمە بلێتێکە بۆ هەردووکیان. یەکێکیان هەشت و ئەوی تریان یازدە ساڵانە." لە تەماشاکردنی ناو چاوانی کابرا ترساین و چووینە ژوورەوە. زۆر شوێنی خاڵی هەبوو لەسەر پلیکانەکان و یەکسەر دانیشتین.

تیپەکان دابەزیبوونە ناو گۆرەپانی قوڕاوی و زۆرم پێ خۆش بوو ئەگەر دەمدی یاریزانان بە شۆرتی سپیی سادەوە بە مەبەستی خۆ گەرمکردنەوە بەڕاست و چەپدا رایان دەکرد. کاکم پەنجەی بۆ یەکێکیان درێژ کرد و گوتی "بڕوانە، ئەوە حەمە بچکۆلە. لە تیپی

گەنجانەوە هاتووە."

"دەزانین."

یاری دەستی پێ کرد و تاوێکی درێژ هیچ قسەمان نەکرد. پاش تاوێک یاری نا، بیرم لە شتی تر دەکردەوە. بۆچی یاریزانان یەک جۆر جل لەبەر دەکەن، بەڵام ناویان جیاوازە؟ خەیاڵم چوو بۆ ئەوەی یاریزانان خۆیان نا، ناوەکانیان بە گۆڕەپانی یاریدا رادەکەن. شۆرتەکانیان لەبەرەوە قوڕاوی دەبوون. دواتر لە پشت پلیکانەکانەوە سەیری دووکەڵکێشی کەشتییەکم کرد هێدی هێدی بە ئاوی بوسفۆردا تێ دەپەڕی.

تا پشووی نیوەی یاری گۆڵ نەکرا. دوو لوولە نۆکی کوڵاو و دوو نانی بەپەنیرمان کڕی.

نانەکەی دەستی خۆم پێشانی باوکم دا و گوتم: "بابە، من ئەوەی خۆم پێ تەواو ناکرێت."

گوتی: "لێرە دای بنێ، کەس نایبینێت."

کاتێک پشووی یاری دەستی پێ کرد، ئێمەش وەک هەمووان هەڵساینە سەرپێ و هەوڵمان دا بەدەم جووڵاندنی دەست و پێمانەوە خۆمان گەرم بکەینەوە. ئێمەش وەک باوکمان دەستەکانمان خستبوونە گیرفانی پانتۆڵی لە خووری چندراومانەوە، پشتمان کردبووە گۆڕەپان و تەماشای بینەرانی ترمان دەکرد. لەو ساتەدا یەکێک بانگی باوکمی کرد. باوکم بۆ ئەوەی پێشانی بدات لەبەر ژاوەژاو گوێی لە دەنگی نەبووە، دەستی بۆ گوێی خۆی برد.

پاشان ئێمەی پێشان دا و گوتی: "ناتوانم بێم، منداڵانم لەگەڵدایە."

کابرای ناو ئاپۆرەکە سەربەرگێکی مۆری پۆشیبوو. بەناو ریزەکاندا تێ پەڕی، پێی بەسەر دیواری نزمی نێوان پلیکانەکاندا نا و بەدەم پاڵنان بە هەندێک کەسەوە خۆی گەیاندە لای ئێمە.

پاش ئەوەی باوەشی لە باوکم دا و یەکتریان ماچ کرد، گوتی: "ئەمانە منداڵی خۆتن؟ زۆر گەورەن. بڕوا ناکەم."

باوکم هیچی نەگوت.

یارۆ بەسەرسوڕمانەوە سەیری ئێمەی کرد و گوتی: "کەی ئەم منداڵانەت بوو؟ ئایا دوای خوێندن یەکسەر ژنت هێنا؟"

باوکم بێ ئەوەی تەماشای روخساری بکات، گوتی: "بەڵێ." زیاتریش قسەیان کرد. یارۆی سەربەرگ مۆر یەکی دانەیەک فستقی ئەمریکایی بە توێکڵەوە خستە لەپی

دەسـتـمـانـەوە. دوای ڕۆیشـتنی ئەو، باوکم لە شـوێنی خـۆی دانیـشت و تاوێکی درێژ هیچ قسەی نەکرد.

تیپەکان تازە بە شۆرتی خاوێنەوە دابەزیبوونەوە مەیدان، بەڵام باوکم لەو ساتەدا گوتی: "بەڕێ بکەون با بڕۆینەوە بۆ ماڵ. سەرماتانە."

کاکم گوتی: "من سەرمام نییە."

باوکم گوتی: "نەخێر، سەرماتانە. عەلی سەرمایەتی. هەڵسن دەی."

بەدەم دەرچوونەوە ئەژنۆمـان دەکێشا بە ئەژنۆی دانیشتوواندا و پێمـان دەنا بە پێیـاندا. پێمـان نا بەو نانەشدا کە لەوێ بەجێم هێشتبـوو. هێشتـا لەسەر پلیکانەکان بووین گوێمان لێ بوو نـابژیوان فـیکەی دەسـتـپـێکردنی نیـوەی دووەمی یاریی لێ دا. کـاکم گـوتی: "تۆ سەرمات بوو؟ بۆچی نەتگوت سەرمام نییە. هەی دەبەنگ."

باوکم گوتی: "لە ماڵ، لە رادیۆوە گوێ لە نیوەی دووەمی یارییەکە بگرن."

کاکم گوتی: "رادیۆ ئەم یارییە ناگوازێتەوە."

باوکم گوتی: "بێدەنگ بن. لە گەڕانەوەماندا بە تەقسیمدا دەتانبەم."

بێدەنگ بووین. پاش ئەوەی لە گۆڕەپان دوور کەوتینەوە، وەک پێشبینیمـان دەکرد پێش ئەوەی بگەینە بەردەم پەنجـەرەی فرۆشـتنی بلیـتی پێشـبڕکـێی ئەسپ، باوکم ئۆتۆمـبیلی ڕاگرت و گوتی: "دەرگە بۆ کەس مەکەنەوە. ئێستا دێمەوە."

باوکم دابەزی. پێش ئەوەی دەرگـەکـان کلیل بدات، ئێـمـە لە ناوەوە دەسـتـمـان نـا بە دووگمەکاندا. بەڵام باوکم نەچوو بۆ پەنجەرەی فرۆشتنی بلیتی پێشبڕکێی ئەسپ، بگرە بە راکردن پەڕییەوە بۆ ئەوبەری جادە. لەوێ چووە دووکـانێکەوە لە جـامـخـانەکانیـدا وێنەی کـەشـتـی، باڵـەفـڕی گـەورەی پلاسـتـیک و دیمەنی بەر خـۆرەتاو دانرابوون و ڕۆژانی یەکشەمەش کراوە بوو.

"باوکم بۆ کوێ چوو؟"

کاکم گوتی: "پاش ئەوەی گەیشتنەوە ماڵ، گەمەی ژێر و ژوور دەکەین."

کـاتێک باوکم گـەڕایەوە، کـاکم وازیی بە گـێـڕی ئۆتـۆمـبـیلەکـە دەکـرد. گـەڕاینەوە بۆ نیـشـانتاشی. دیسـان ئۆتۆمـبیلمـان لە پێش مزگـەوت ڕاگـرت. ئەگـەر بە پێش دووکـانی عەلادیندا تێ پەڕین، باوکم گـوتی: "با شـتـێکتـان بۆ بکڕم! بەڵام دیسـان داوای زنجـیرەی ناوداران مەکەن."

دەستمان کرد بە کوڕووزانەوە و گوتمان: "تکایە بابە، تکایە!"

باوکم لە دووکانی عەلادین بۆ هەریەکەمان دە دانە بنێشتی زنجیرەی ناودارانی کڕی. هاتینەماڵەوە. لە ژوورکێشەدا لەتاو جۆش و خرۆشی وێنەکان بێزووم کرد. ژوورەوە گەرم بوو، بەڵام دایکم نەهاتبووەوە. بەلەز کاغەزی بنێشتەکانمان دڕی و فڕێمان دایە سەر زەوی. ئەنجام:

من دوو وێنەی فەوزی چەکماک پاشا، دانەیەک شارلۆ، حەمید کاپڵانی زۆرانباز، گاندی، مۆزارت، دیگۆل، دوو دانە ئەتاتورک و وێنەیەکی ژمارە ٢١ی ژنە ئەکتەر گرێتا گاربۆم بۆ دەرچوو. کاکم ئەمی دواییانی نەبوو. بەم جۆرە بووم بە خاوەنی ١٧٣ وێنەی زنجیرەی ناوداران، بەڵام هێشتا ٢٧ دانەم پێویست بوو بۆ ئەوەی زنجیرەکەم تەواو بکەم. کاکیشم چوار دانە وێنەی فەوزی چەکماک پاشا، پێنج ئەتاتورک و ئەدیسۆنێکی بۆ دەرچوو. هەریەکەمان بنێشتێکمان نایە دەممان و کەوتینە خوێندنەوەی نووسراوی سەر پشتی وێنەکان.

مارشال فەوزی چەکماک
یەکێک بوو لە فەرماندەکانی شەڕی ڕزگاری
(١٨٧٦-١٩٥٠)
پیشەسازیی بنێشتی مامبۆ شەکر
هەر بەختەوەرێک ١٠٠ دانە لە زنجیرەی ناوداران کۆ بکاتەوە،
دانەیەک تۆپی پێی لە چەرم دروستکراوی دەدرێتێ.

کاکم تا ئەو کاتە ١٦٥ وێنەی هەبوو. گوتی: "گەمەی ژێر و ژوور بکەین؟"

"نەخێر."

گوتی: "ئەگەر دوازدە دانە فەوزی چەکماکت بدەمێ، دانەیەک لە گرێتا گاربۆکانی لای خۆتم دەدەیێ؟ ئەوسا دەبیت بە خاوەنی ١٨٤ وێنە."

"نەخێر."

"بەڵام تۆ دوو دانە گرێتا گاربۆت هەیە."

هیچم نەگوت.

گوتی: "سبەینێ لە قوتابخانە دەرزیت لێ دەدەن و زیرەت لێ هەڵدەسێنن. نەیەیت بۆ لای من. باشە؟"

"نایەم."

بە بێدەنگی نانی ئێوارەمان خوارد. پاش ئەوەی گوێمان لە بەرنامەی جیهانی وەرزش راگرت و زانیمان یارییەکە بە دوو گۆڵ بەرامبەر بە دوو گوڵ بەکۆتا هاتووە، دایکم بۆ ئەوەی بمانخەوێنێت، هاتە ژوورەکەمان. کاکم جانتاکەی کۆ دەکردەوە؛ بەڕاکردن خۆم گەیاندە ژووری دانیشتن. باوکم لە پەنجەرەوە سەیری دەرەوەی دەکرد.

گوتم: "بابە نامەوێت سبەینێ بچم بۆ قوتابخانە."

"بەڵام چۆن شتی وا دەبێت؟"

گوتم: "سبەینێ دەرزیلێدان هەیە. تام لێ دێت و پاشان هەناسەبڕکێم پێ دەکەوێت. دایکم دەزانێت."

هیچی نەدەگوت و سەیری منی دەکرد. رام کرد و لە کشاو کاغەز و قەڵەمم هێنا.

کاغەزەکەی لەسەر کتێبی کیرکەگارد کە بەردەوام دەیخوێندەوە و هەرگیز تەواوی نەکرد، دانا و گوتی: "دەچیت بۆ قوتابخانە، بەڵام دەرزیت لێ نادرێت. وا دەنووسم."

واژۆی کرد. فووم لە مەرەکەبەکەی کرد، قەدم کرد و یەکسەر نامە گیرفانم.

رام کرد بۆ ژوورەکەم و خستمە جانتاکەمەوە. چوومە پێخەوەوە و دەستم کرد بە هەڵبەزینەوە.

دایکم گوتی: "دیسان هارەهاری مەکە. بنوو ئیدی."

سەرچاوە: رەنگەکانی تر (وتاری هەڵبژاردە و چیرۆکێک)، ئۆرهان پاموک، چاپخانەی ئیلەتیشم – ئەستەنبوڵ، چاپی دووەم، ١٩٩٩.